Sorani



# Vulvamottagning

## Angereds närsjukhus

بنکەیەکی پێشوازی تایبەتمەندە بە نەخۆشیەکانی ناو لەشی ژنان.



VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN

# Vulvamottagning Angered

Vulvamottagning Angered بنکەیەکی پێشوازی تایبەتمەندە بە نەخۆشیەکانی ناو لەشی ژنان. کە ڕووی دەمی لە و کەسانەیە  کە:

- کێشەی درێژخایەنیان بە شێوەی ئازار لە زێ و دەوروبەریدا هەیە لە کاتی جوتبووندا.
- کێشەیان هەیە بە هۆی خەتەنەکردنی مێیینە/ لێکردنەوەی بەشێک لە کۆئەندامی زاوزێ.

لە لای ئێمە پزیشکی نەخۆشیەکانی ناو لەشی ژنان، پەرستار، توێژەری کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندی بواری سێکس، ڕاهێنەری سروشتی و ژێرپەرستاران ئیش دەکەن.

## دوو ڕێباز

### ئازار

**ئازار**، ڕووی دەمی لەو نەخۆشانەیە کە ئازاری درێژخایەنیان لە زێ و دەوروبەریدا هەیە یان لە کاتی جووتبووندا ئازاریان لە زێ و دەورەبەریدا هەیە.

بۆ ئەوەی بتوانرێت کێشە ئازاردەرە درێژخایەنەکان بنبڕکرێت، زوربەی کات پێویستە کەسەکە بۆ ماوەیەکی دوروودرێژ چارەسەر وەرگرێت بە هاوکاری کۆمەڵە پیشەوەرێکی جۆراوجۆر. چارەسەریەکە بە پێی پێداویستی کەسەکە دەسازێنرێت. ئێمە بانگهێشتی نەخۆشەکان دەکەین بۆ دیدەنیکردنی بنکەی پێشوازیەکەمان یان پەیوەندیکردن بە شێوەی دیجیتاڵ. هەروەها ئێمە فێرکاریش بە گرووپ بە شێوەی خوێندنگای ڤوڵڤە vulvaskola دەخەینەڕوو.

### خەتەنەکردنی مێینە/لێکردنەوەی بەشێک لە کۆئەندامی زاوزێ

**خەتەنەکردنی مێینە/لێکردنەوەی** بەشێک لە کۆئەندامی زاوزێی ژنان ڕووی دەمی لەو نەخۆشانەیە کە خەتەنەکراون/ بەشێک لە کۆئەندامی زاوزێیان لێکراوەتەوە.

ئەو کێشانەی بە هۆی خەتەنەکردنی مێینە/ لێکردنەوەیەی بەشک لە کۆئەندامی زاوزێوە پەیدا دەبن ڕەنگە بەم شێوەیە بن:  بۆ نموونە یادەوەری سەخت، خوێنبەربوون، کێشەی میزکردن و ئازار لە کاتی سووڕی مانگانە یان جووتبوندا.  ئێمە دەتوانین یارمەتی ئەو کەسانە بدەین کە دووچاری ئەو گرفتانە بوون بەشێوەی پێدانی چارەسەر بۆ ئازارە جەستەییەکان، نەشتەرگەری، ڕێنماییکردن و وتووێژ. ئێمە شارەزاییەکی زۆرمان هەیە و خەڵکانێکی زۆرمان بینیوە کە خەتەنەکراون/بەشێک لە ئکۆئەندامی زاوزێیان لێکراوەتەوە.



## دەربارەی ئازار لە زێ و دەوروبەریدا

ئازار لە زێ و دەوروبەریدا بە شیوازی جۆراوجۆر هەستیان پێدەکرێت. جا ڕەنگە وەک سوتانەوە یان کزانەوە، یان بە شێوەی ئازار لە کاتی چوونە ژوورەوەی شتێک بۆ ناو زێ هەستی پێکرێت.

لەوانەیە ئازارەکە پەیوەندی هەبێت بۆ نموونە بە هەستە دەمارەکانی ناو زێوە کە زیاد لە ئاستی خۆیان هەستیاربن و ئازار دروستکەن، یان گرژبوونێکی نائاسایی لە جۆگەی ناولەشدا پەیدابن. ڕەنگە لە هەندێک دۆخی جۆراوجۆردا ئازارەکە زۆر تێبینی بکرێت، بۆ نمونە لە کاتی پیاکردن لە کاتی جوتبووندا، بەکارهێنانی تامپۆن، ئەنجامدانی چالاکیی جەستەیی وەک پاسکیلسواری یان ئەسپسواری، یان لە کاتی پشکنینی پزیشکیی ناولەشی ژنانەدا.

بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکانی ئازارتێکەوتنی لینجەپەردە و دەرچەی زێ Vulvodyni یان ئازار و تەزوتێکەوتنی ماسولکەی جۆگەی ناولەش لەکاتی پیاکردندا Vaginism پێویستدەکات لە پێشدا هۆکاری دروستبوونی ئازار بە هۆکاری تر فەرامۆش کرێت.

## دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە/ لێکردنەوەی بەشێک لە کۆئەندامی زاوزێ

لە کاتی خەتەنەکردنی مێینەدا هەندێک بەشی کۆئەندامی زاوزێ لێدەکرێتەوە و/ یان بە یەکەوە دەدرورێتەوە. کاتێک لچەکانی ناوەوە و دەرەوەی زێ پێکەوە دروراببێتنەوە، ڕێنمایی کەسەکە دەکەین نەشتەرگەریەکی بچووک ئەنجامدا- واتە نەشتەرگەری هەڵوەشان و کردنەوە.

ڕەنگە نەشتەرگەری هەڵوەشان و کردنەوە ئاسانکاری بۆ کەسانێک بکات، ئەگەر میزکردن ماوەی زۆری پێبچێت، ئەگەر لە کاتی سوڕی مانگانەدا ئازاریان زۆربێت و بە زەحمەت بتوانن خوێنی سوڕی مانگانە بەتاڵکەنەوە، ئەگەر لە کاتی جووتبووندا ئازاریان هەبێت، یان ئەگەر دووگیانبن و چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵبن. تۆ هەمیشە لە کاتی نەشتەرگەریدا بەنج دەکرێیت وە هەست بە ئازار ناکەیت. ئێمەش لە بنکەی پێشوازی ڤولڤەوە Vulvamottagning دەتوانین یارمەتیت بدەین بە پێی پێداویستی و خواستەکانی خۆت.



Redigerad 240415
VGR16327 sorani

# ئایا تۆ دەتەویت یارمەتی بدرێیت؟

چاودێری تەندروستی خوێندنگا ، بنکەی پێشواز\ی لاوان، بنکەی پێشوازی مامان یان بنکەی تەندروستی دەتوانن یارمەتیت بدەن بەوەی کە بە نوسراو (ڕمیس) بتنێرن بۆ لای ئێمە. تۆ خۆشت دەتوانیت ڕمیسی خۆت بنوسیت کە فۆرمەکەی لە ماڵپەڕی Angereds närsjukhus هەیە:

- www.angeredsnarsjukhus.se/egenremiss

ڕمیسی خۆت

هەمیشە بەخێرهاتنتان لێدەکەین، پەیوەندیمان پێوە بکە ئەگەر پرسیارتان هەیە یان دەخوازن گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن.

## پەیوەندیکردن

**Angereds närsjukhus, Halmtorget 1, Angered**

ژمارەی تەلەفۆن: 031 – 332 69 02

- www.angeredsnarsjukhus.se/vulvamottagning

## 1177

هەروەها تۆ دەتوانیت لە ڕێگای ماڵپەڕی 1177.se پەیوەندیمان پێوە بکەیت.

*1177.se*







VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN